سودانی بڕیاریدا بە ئەستۆی گرتنی گواستنەوەی تەرمی تەلارساز هیشام مەدفعی کۆچکردوو بۆ بەغدا

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ڕاوێژکاری ڕۆشنبیری خۆی ڕادەسپێرێت بۆ گەیاندنی سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەی تەلارسازی کۆچکردوو هیشام مەدفەعی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە راگەیەندراوێکدا کە ئاژانسی "موتەڵەع" محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ڕاوێژکاری ڕۆشنبیری عارف سەعدی ڕاسپارد سەرەخۆشی لە بنەماڵەی تەلارسازی کۆچکردوو هیشام مەدفەعی کرد کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە لەندەن کۆچی دوایی کرد".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی کرد حکومەت بەرپرسیارێتی گواستنەوەی تەرمەکەی بۆ بەغداد لە ئەستۆ بگرێت".

جێگای باسە خوالێخۆشبوو هیشام مەدفەعی یەکێک بوو لە کەسایەتییە دیارەکانی تەلارسازی و نازناوی شێخی ئەندازیارانی لێنرابوو تا ژیان ئاوایی کردنی لە تەمەنی 97 ساڵیدا.